# شێوازی دارشتنی هەواڵ

نوسینی/ دبرا پۆتر
وەرگێرانی/مەجید سالح

هەموو ئەو چیرۆکانەی کە لە هەواڵ وراپۆرتەکاندا بڵاو دەکرێنەوە لە کۆمەڵێك راستی ، تێبینی و لێدوان پێك دێن. زۆرجار ئەوانەی ئەرکی ئامادەکردنی هەواڵەکانیان لە ئەستۆدایە ژمارەیەکی لە رادەبەدەر هەواڵیان دێتە بەردەست. لە بەر ئەوەی هەوڵێکی زۆر دەخەنە گەڕ تاکو زانیارییەکانیان دەست کەوێت، بۆیە لە کاتی نوسینەوەی هەواڵەکاندا کار بۆ ئەوە دەکەن بەشی زۆری ئەو زانیاریانە لە دەقی هەواڵەکەدا جێ بکەنەوە. بەلاّم بە دەگمەن کەڵەکە کردنی هەموو زانیارییەکان لە ناو هەواڵێك یان راپۆرتێکدا دەبێتە هۆی باشکردنی ناوەرۆکی هەواڵەکەو راکێشانی سەرنجی خوێنەران. تێگەیشتن لەوراپۆرتە هەواڵەی کە بە زانیاری هەمەجۆر پڕ دەکرێتەوە کارێکی ئاسان نییە، بۆیە ئامادەکارەی هەواڵ یان راپۆرتە هەواڵەکە، گەر بیەوێت هەموو زانیارییەکان شی بکاتەوە وبیخاتە بەردەستی پەیام وەرگرەکان کارێك دەکات بەرامبەرەکەی تووشی سەرلێشێوان دەکات. جگە لەوە رۆژنامەنووسەکان روبەرەکەی بەردەستیان سنووردارە وبەشی هەواڵ لە رادیۆ وتەلەفزیۆنەکانیش ماوەکانیان دیاریکراوە. جگە لەوەش بینەر وبیسەر وخوێنەرانیش کاتەکانیان بۆ ئاگاداربوون لە هەواڵەکان دیاریکراوە و تەرکیزکردنیشیان سنووردارە.

بۆیە کەناڵی باش ئەو کەناڵەیە کە لەکاتی دەستنیشانکردنی هەواڵەکاندا باشەکان جیادەکاتەوەو پشت نابەستێ بەفرەیی ودرێژدادڕی.رۆژنامەنووس وپەیامنێری زیرەك ئەوکەسەیە لەکاتی ئامادەکردنی هەواڵ وراپۆرتەکانیداخاڵە گرنگەکان دەستنیشان دەکات وبە شێوەیەك رێکیان دەخات زانیارە پێویستەکان بدات بەدەستەوە. دژوارترین کاتی پەیامنێر ئەوەیە چۆن زانیاریە ناپێویستەکان لە راپۆرتەکەی فڕی بداتە دەرەوە. بۆ ئەو مەبەستەش ستایلێك (شێوان) هەیە پێی دەوترێت (خاڵی تەرکیزکردنەسەر). بەواتایەکیتر پەیامنێر هەڵدەستێ بە دەست نیشانکردنی ئەو مەسەلە گرنگەی کە هەواڵەکەی لە سەر بونیاد دەنرێت.

## خاڵی تەرکیزکردنەسەرچییە؟

خاڵی تەرکیزکردنەسەر لە راپۆرتە هەواڵدا بریتیە لە وەلاّم دانەوەی ئەم پرسیارە: "ئەو بابەتەچییە راپۆرتەکەی لە سەر دەنوسرێت؟" بۆ بریاردان لە سەر خاڵی تەرکیزکردنەسەر لە هەر هەواڵێك"چیپ سکانلان" وانەبێژی وانەی نووسین لە پەیمانگای رۆژنامەنووسی (پۆینتر) پێشنیاری

پێنج پرسیار دەکات:

- هەواڵەکە چییە؟
- چیرۆکەکەی چییە؟
- وێنەکەی چییە؟
- چۆن دەتوانم لە شەش وشەدا بیگێڕمەوە؟
- پاش ئەوەچی؟

باوای دابنێن تۆ دەتەوێت هەواڵی ئەو ئاگرکەوتنەوەیە بنوسیت کە لە دەرەوەی شاردا کەوتوەتەوە. تۆ خۆت لەوێ بویت وبەدرێژایی رۆژەکە لە نزیکەوە چاودێری زەرەروزیانەکانیت کردوە ولە گەڵ خەڵکەکەدا قسەتکردوە. ئێستا دەتەوێت پێش نووسینی راپۆرتە هەواڵەکەت "خاڵی تەرکیزکردنەسەرە"کە دیاری کەیت. بەم هەنگاوانەی خوارەوە لە رێگەی وەڵام دانەوە پرسیارەکانی "سکانلان" دەتوانیت "خاڵی تەرکیزکردنە سەر"ی رووداوەکە دەستنیشان بکەیت:

- هەواڵەکە چییە؟ ئاگرێك کەوتوەتەوەو دوو ماڵی سوتاندوە لە شاخەکانی باکوری شارەکە. بەڵام زیانی گیانی بەدواوە نەبووەو ناوچەی بازرگانی شارەکەش بێ زیان بووە.
- چیرۆکەکە چییە؟ دوو خێزان بێخانومان بوون، بەڵام هەردوو خێزانەکە سوپاسی خوادەکەن کەوا زیانی گیانیان بەرنەکەوتوە.
- وێنەکە چییە؟ ئەندامانی هەردوو خێزانەکە باوەشیان بەیەکەوە کردوەو تەماشای خانوە سوتاوەکەیان دەکەن.
- چۆن دەتوانم لە شەش وشەدا بیگێڕمەوە؟ ئاگرێك دوو ماڵی سوتاند وورەی نەروخاند.
- پاش ئەوەچی؟ ئەو وێرانکاریەی لەوئاگرە ترسناکە کەوتەوە کەم بوو.

ئەو رۆژنامەنووسەی کە راپۆرت لە سەر ئەم چیرۆکە ئامادە دەکات ئێستا دەزانێت پێشەکی راپۆرتەکەی بەودوو خێزانەکە دەست پێدەکات کە ماڵەکەیان لە دەستداوە . لە پیشەکی راپۆرتەکەیدا بە دەنگ وڕەنگ وتەی یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکان بڵاودەکاتەوە کە وسوپاسی خوادەکات هیچ زیانی گیانی بەدواوە نەبووە" هەروەها لە راپۆرتەکەدا باس لە زەرەروزیانە مادییەکان دەکات. ئەوەش دەزانێت دەکرێت باس لە ژمارەی ئەو تیمە ئاگرکوژێنەوانە نەکات کە هاتن بۆ یارمەتی ناوچە بازرگانیەکان ، بەڵام دەکرێت بەشێك لە وتەکانی سەرۆکی تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە بڵاو بکاتەوە.

دەرئەنجامی ئەو راهێنانە ئەوەیە مەرج نییە هەموو چیرۆکێك تاقە خاڵێکی تەرکیزکردنەسەری هەبێت. بە پێچەوانەوە دەشێت پاش کۆکردنەوەی زانیارییەکان هەر پەیامنێرێك بە شێوەیەکی تایبەت راپۆرتەکە دارێژێت، چونکە هەریەکەیان خاڵێکی تایبەتی هەیە بۆ تەرکیزکردنەسەری. هەر

بۆ ئەو رووداوەی سەرەوە دەکرێت پەیامنێرێکی‌تر لە وەڵامی پێنج پرسیارەکەدا خاڵێکی تەرکیزکردنەسەری جیاوازی دەست کەوێت:

- هەواڵەکە چییە؟ کۆمپانیا بازرگانیەکانی شارەکەمان رزگاریان بوو لە وێران بوون لەو ئاگرەی کە دوو ماڵی سوتاند.
- چیرۆکەکەی چییە؟خاوەن دوکانەکان سوپاسی خوادەکەن زیانیان بەر نەکەوتوە.
- وێنەکەی چییە؟خاون دوکانێك لە بەردەم دوکانەکەیدا تەوقە لە گەڵ ئاگرکوژێنەوەیەك دەکات.
- چۆن دەتوانم لە شەش وشەدا بیگێڕمەوە؟ ئاگر ناتوانێت چالاکیە بازرگانیەکانی ئێمە بوەستێنێت.
- پاش ئەوەچی؟ زیانە ئابوریەکانی ئەم ئاگرەوتنەوەیە سنوردار بوو.

دەکرێت ئەمجارەیان چیرۆکەکە بەوە دەست پێبکات خاوەن دوکانێك باس لە شادمانی خۆی بکات وقسەی یەکێك لەو بازرگانانە لە پێشەکیەکەدا بخرێتە روو کە دوکانەکەی نەسوتاوە. هەردوو راپۆرتەکە زانیارییە سەرەکیەکانی ئەو رووداوەیان تێدایە – هەردوو خانوەکە سوتان کەچی دوکانەکان زیانیان بەرنەکەوت – بەڵام "خاڵی تەرکیزکردنە سەری" هەردوو هەواڵەکە جیاوازن. بۆیە ئەگەر پەیامنێرەکان خاڵی تەرکیزکردنەکەیان پێش نووسینی راپۆرتەکەیان دەست نیشان بکەن ، ئەو کارەیان یارمەتیان دەدات لە ناوەرۆکی هەواڵەکەیاندا کام زانیاری بنووسن وکام زانیاری و لێدوان بلاْوبکەنەوەو وکامەشیان دورخەنەوە. "ویلیام زینسار" لە کتێبی"زانینی نوسین"دا دەڵێت ئامۆژگاریی ئەوەمان دەکات : بیرکردنەوەی روون، دەگۆڕێت بۆ نووسینی روون" هیچیان بێ ئەوی تریان ناکرێت"

پەیامنێری شارەزا چاوەڕێی ئەوەناکات لێکۆڵینەوە و تیبینییەکانی بنووسێتەوە بۆ دۆزینەوەی "خاڵی تەرکیزکردنەسەر"ی رووداوەکە، بەڵکو خاڵی تەرکیزکردنەسەری بابەتەکە لە مێشکیدا دەدۆزێتەوە. ئەوەش یارمەتی دەدات بە کام ئاراستەدا بچێت ولە گەڵ کێدا ئینتەرڤیوو بکات. لەوانەشە کاتێك زانیاری زۆرتری دەست دەکەوێت،خاڵی تەرکیزکردنە سەرەکەی بگۆڕێت. زۆرجار شتی وا رووی‌داوە. بەڵام گرنکترین شت ئەوەیە رۆژنامەنووس پێش ئەوەی راپۆرتەکەی بنووسێت، خاڵی تەرکیزکردنەسەرەکەی دەست نیشان بکات.

## چاوپێکەوتنی رۆژنامەو رادیۆیی

رۆژنامە نووس کریستین گیلگاری دەڵێت:" شارەزایی لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی ورادیۆیی، بنەمای هەموو راپۆتە هەواڵ وبابەتێکی رۆژنامەوانی چاکە". سەبارەت بە چاوپێکەوتنی رۆژنامەنوسیش دەڵێت:"ئەو زانیاری و بۆچوون و شارەزاییانەیە کەرۆژنامە نووس لە رێگەی چاوپێکەوتنەوە لە سەرچاوەیەك وەری دەگرێت". ئەوەی چاوپێکەوتنی رۆژنامە نووسی

ورادیۆیی لە هەر وتوویژیکی ئاسایی جیا دەکاتەوە بریتیە لەوەی رۆژنامە نووسەکە پرسیارەکانی نیۆ وتوویژەکە دەوروژینیت."

لە هەموو حاڵەتەکاندا چاوپیکەوتنی رۆژنامەنووسی کاریکی ئاسان نییە، چونکە هەندیك خەڵك هەن ئامادە نیین لیدوان بۆ رۆژنامەکان بدەن، بە تایبەتی گەرهاتوو بابەتەکە جیگەی مشت ومڕ بیت. کاتیکیش رۆژنامەنووس لە گەڵ بەرپرسیکدا هەڵسوکەوت دەکات ئەبیت بەو گریمانە دەست پیبکات کەوا جەماوەر ئەو مافەی هەیە ئاگای لە کاروکردەوەکانی بەرپرسەکە هەبیت. ئەو رۆژنامە نووسانەی کە خاوەن خیبرەو شارەزاین پییان وایە رۆژنامەنووس پیش ئەنجامدانی چاوپیکەوتن لە گەڵ بەرپرسیکدا ئەگەر پیشبینی ئەو بیانوانە بکات کە لە ریگەیەوە خۆیلە چاوپیکەوتنەکە دەدزیتەوە، دەتوانیت قەناعەتی پیبکات و چاوپیکەوتنەکەی لە گەڵدا بکات. لیرەدا هەندیکیان باس دەکەین.

*** کاتیان نییە:** لەم حاڵەتەدا رۆژنامە نووس دەتوانیت پیشنیاری ئەوە بکات چاوپیکەوتنەکە دوادەخات بۆ ئەو کات وشوینەی کە کەسەکەی بەرامبەر دیاری دەکات. باشتر وایە ماوەی چاوپیکەوتنەکەش کورت بکریتەوە بۆ کەمترین ماوە.

*** لەوە دەترسن بابەتەکە لە بەرچاوی خەڵك ناشیرنیان بکات:** لەم کاتەدا پیویستە رۆژنامەنووس بەو پەڕی ریزەوە هەڵسوکەوت لە گەڵ خەڵکدا بکات وبە وردیمەبەستی لە ئەنجامدانی ئەو چاوپیکەوتنەیان بۆ روونکاتەوە و دڵنیایی بداتە سەرچاوەی هەواڵەکەی یان ئەو کەسەی کە دەیەویت چاوپیکەوتنی لە گەڵدا بکات.

*** نازانن باسی چی کەن:** دەبیت رۆژنامە نووس بە راشکاوی وبە روونی ئەو هۆکارانە بخاتە روو کەوای لیکردوە بیرو بۆچوونی کەسیکی دیاری کراو ***بزانیت***.

*** بە ئاسانی پییان ناگەیت:** بۆ بینینی بەرپرسیك، دەبیت رۆژنامەنووس لە ریگەی سکرتیر یان فەرمانبەری پەیوەندیە گشتیەکانەوە پەیوەندی بکات بەوەی کە دەیەویت چاوپیکەوتنەکەی لەگەڵدا بکات. گەر گومانیان هەبوو لەوەی داواکاریەکەیان ناگاتە بەرپرسەکە هەندیك رۆژنامەنووس نامەیەکی راستەوخۆی بۆ دەنووسن یاخود لە کاتی نانخواردن وپاش دەوامی رەسمی پەیوەندی پیوەدەکەن.

پاش دڵنیا بوون وریکەوتن لە سەر ئەنجامدانی چاوپیکەوتنەکە وتویژینەوە لە سەر ئەو کەسەی چاوپیکەوتنەکەی لەگەڵدا دەکریت، پیویستە لە سەر رۆژنامەنووس باشتر خۆی ئامادەکات. زۆربەی رۆژنامەنووسەکان لیستیکی ئەو پرسیارانەی کە دەیانەویت بیکەن ئامادە دەکەن و لە گەڵ خۆیاندا دەیبەن، بەڵام لە کاتی چاوپیکەوتنەکەدا نایخویننەوە. بەڵکو پیش کۆتایی چاوپیکەوتنەکە چاویکی پیدادەخشیننەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی هیچ بابەتیکیان لە بیرنەچوەتەوە. دەبیت لە لیستەکەدا ئەو زانیاری ودوکومینت ووینانەش نوسرابیت کە دەیانەویت لە سەرچاوەکەوە دەستیان کەویتز

پرسیارەکان کۆڵەکەی سەرەکی هەرچاوپێکەوتنێکە. ولە رێگەیەوە خواستەکە ئاراستەی راست وەردەکرێت.پرسیاری باش دەبێتە هۆی ئەوەی رۆژنامە نووس وەڵامی چاوەڕوان نەکراو زانیاری بەنرخ وسەرسوڕهێنەری دەست بکەوێت. بەڵام پرسیاری خراپ وا لە رۆژنامەنووس دەکات ئەو پرسیارە لە خۆی بکات بۆ قسە لە گەڵ ئەم کەسەدا دەکات. پرسیاری زۆر دیاریکراویش دەبێتە هۆی گۆڕینی ئاراستەی مەسەلەکە بە لاڕێدا.

پرسیاری یەکەم زۆرگرنگە لە کاتی چاوپێکەوتندا، چونکە شێوەو جۆری پرسیارەکانی تر دیاری دەکات. بۆ "توانەوەی سەهۆڵی" نێوان هەردولا زۆر رۆژنامە نووس هەیە دەیانەوێت بە پرسیارێك دەست پێبکەن دلچنەوایی ببەخشێتە بەرامبەرەکەیان. زۆرجار ئەو پرسیارە سەبارەت بە مەسەلەیەك دەکرێت کە بەرامبەرەکە حەزی لە وەڵامدانەوە دەبێت. زۆرجار ئەو پرسیارە هیچ پەیوەندیەکی بە بابەتی چاوپێکەوتنەکەوە نییە. بەڵام دەبێتە هۆی دروست بوونی هەستی راستگۆیی لای سەرچاوەکە، هەروەها لەوانەیە ببێتە هۆی کرانەوەو دڵنیایی کەسەکە.

زۆر جار باشترین پرسیار ئەو پرسیارانەن کە کۆتاییەکەیان دانەخراوە، واتە ئەوپرسارانەن کە ناکرێت بە "بەڵێ" و"نەخێر" وەڵام بدرێنەوە. هەروەها نابێت پرسیارەکان حوکمی پێشوەختی لەسەردرابێت یان لە سەر بنەمای بۆچوونەکانی رۆژنامەنووسەکە بونیاد نرابێت. رۆژنامەنووس گەر بیەوێت پرسیاری باش بکات دەبێت ئارام بێت ورێگە بۆ بەرامبەرەکەی خۆشکات قسەکانی بکات. باشترینی ئەو کەسانەی کە دەتوانن چاوپێکەوتن بکەن بریتین لەو کەسانەی کە شارەزان بە شێوەیەکی باش گوێ دەگرن، ئەوانە بە بێدەنگبوونیان گرنگترین زانیارییان دەست دەکەوێت. گەر بەباشی گوێ لە قسەی بەرامبەرەکەیان بگرن لەوانەیە هەندێك پرسیاریان بۆ بێت پێشتر لە خەیاڵیاندا نەبووە.

رۆبرت سیگال کە لە هیئەی گشتی ئیزگەکان لە واشنتۆنی پایتەخت کار دەکات ، باس لەو چاوپێکەوتنە دەکات کە لە گەڵ دیپلوماسێکی تورکدا کردویەتی لە کاتی تەقەکردنی هاووڵاتیەکی تورك لە پاپا یوحنا پۆلسی دووەم لە رۆما. یەکەم پرسیاری بریتی بوە لەوەی" ئایا زانیاری تەواوتان لە سەر محەمەد عەلی ئاگشا هەیە، لە ئیتالیل لە کوێ نیشتەجێ بوو، لەوێ چی دەکرد، جۆری فیزاکەی لە ئیتالیا چی بووە؟". وەڵامی ئەو هەموو پرسارە بریتی بوو لە"نەخێر". دوای هەوڵدانێکی زۆر هێندەی نەمابوو سیگال بێئومێد بێت، لەولاوە دیپلوماستە تورکەکە بێدەنگی شکاند ووتی"...ئەو ناودارترین پیاوکوژی تورکیایەو لەوێ تاوانبارە و پاش کوشتنی سەرنووسەری رۆژنامەیەکی گەورە لە زیندان هەڵهاتوە". سیگال دەڵێت بە هۆی ئاراستەکردنی چەند پرسیارێکی وردەوە خەریك بوو بابەتێکی زۆرگرنگم لە دەست بچێت. پاشتر بۆی دەرکەوت دەبوو بیپرسیبایە" باسێکی ئەو پیاوەم بۆ بکە".

رۆژنامەنووسەکان دەتوانن یان لە رێگەی تەلەفوونەوە چاوپێکەوتنەکانیان بکەنن یاخود

رووبەروو، یان دەتوانن لە رێگەی پۆستی ئەلکترۆنی وناردنی نامەی خێراوە ئەو کارە ئەنجام بدەن. هەریەك لەو شێوازانە باشی وخراپی خۆیان هەیە. چاوپێکەوتنی رووبەروو هەستێکی تەواو سەبارەت بە کەسەکە دەداتە رۆژنامە نووسەکە ئەویش لە رێگەی تەماشاکردنی وێنە هەڵواسراوەکانی ژۆری بەرامبەرەکەو چونێتی رێکخستنی ئۆفیسەکەی وئەو کتێبانەی کە لە سەر مێزەکەی دانراوون. جگە لەوە لە رێگەیهەڵسوکەوت وجولەکانەوە رۆژنامە نووس دەتوانێت تا رادەیەکبڕیار لە راستگۆیی کەسەکە بدات. ئایا کەسێکی تورەیە دیارە یان هێمن؟ ئایا دەتوانێت راستەوخۆ بڕوانێتە ناوچاوانی رۆژنامە نووسەکە یان نا؟

بەلأم کرسیتۆفەر(شیپ)سکانلان کە بەڕێوەبەری وۆرك شۆپی نوسینی رۆژنامەوانیە لە (پەیمانگای پوینتار) کە یەکێکە لە پەیمانگاکانی خوێندنی رۆژنامەوانی لە ئەمریکا باس لە چاوپێکەوتنێك دەکات کە لە گەڵ ژنێکدا کردویەتی کە بە هۆی شیرپەنجەوە مێردەکەی لە دەست داوە. ژنەکە گەشتێکی بەناوخانوەکەیدا پێکردوە، لە ژووری نووستنەکەیدا پێی ووتوە:" هەموو شەوێك تۆزێك لەو بۆنەی کە مێردەکەم بەکاری دەهێنا دەپرژێنمە سەرینەکەمدا، بۆ ئەوەی وابزانم هێشتا لە گەڵمدایە". ئەم وردەکاریانە مرۆۋ هەستی پێدەکات ولەوانەیە بۆنیشی بکات. سکانلان ئەگەر لە رێگەی تەلەفوون وئینتەرنێتەوە ئەو چاوپێکەوتنەی بکردبایە هەرگیز زانیاری لەو شێوەی دەست نەدەکەوت.

بەلأم چوپێکەوتن لە رێگەی تەلەفونەوە کاتێکی کەم دەبات، هەندێك رۆژنامەنووس بە ئاسانترین رێگەی دەزان تاکو لە رێگەیەوە زانیاری وردیان دەست کەوێت بە تایبەتی لەو کاتانەی کە بە گرنگی نازانن رووبەروو کەسی بەرامبەر ببینن. لەم کاتانەدا دەتوانن تێبینیەکانیان لەسەر کۆمپیوتەرەکانیان بنووسن. سەبارەت بە چاوپێکەوتن لە رێگەی ئیمەیلەوە بۆ ئەوکەسانەی کە لە دوورن کارێکی بەسوودە، بەلأم رۆژنامەنووس ناتوانێت گوێ لە قسەکان رابگرێت. بۆ ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لە رێگەی ئینتەرنێتەوە دەکرێت ئەو لە چاوپێکەوتنی تەلەفوونی دەچێت. بەلأم لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ ئاخۆ ئەوەی لەو دیوی تەلەفوونەکەوەیە هەمان ئەو کەسەیە کە ئێمە ئەمانەوێت یان کەسێکی ترە؟.

بە لە بەرچاو گرتنی ئەو مەترسیانە رۆژنامەی "فیرجینیان" کە لە ولایەتی فیرجینای ئەمریکا دەردەچێت چەند بنەمایەکی بۆ ژووری هەواڵەکانی خۆی داناوە کە پەوەیەندیان هەیە بەو چاوپێکەوتنانەی کە لە رێگەی ئنتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێن،ئەو بنەمایانەش بریتین لە: لە کاتی وەرگرتنی لێدوان لە کەسێك لە رێگەی پەیوەندی ئەلکترۆنیەوە" ئینتەرنێت" دەبێت لەوە دڵنیا بین کە پەیوەندییەکە راستەقینەیە، چونکە تەزویرکردنی ئادرێسی ئەلکترۆنی کارێکی ئاسانەو دەکرێت کەسێك خۆی بگۆڕێت بە کەسێکی تر. وەك چۆن ناتوانرێت کۆنترۆڵی ئاژانسەکانی دەنگ وباسی وەك ئاسۆشێت پرێس و رۆیترز بکرێت، ئاواش کۆنترۆڵکردنی ئینتەرنێت کارێکی مەحاڵە. دەشێت

له هەموو لایەکەوە فیلْتی لیْ بکریْت.

ئەو پەیامنیْرانەی کەوا پۆستی ئەلکترۆنی یان شیْوەکانی تری پەیوەندی ئەلکترۆنی بەکار دەهیْنن، دەبیْت پیْوەرە قیاسیەکانیان هەمان شیْوەی پیْوەری پەیوەندییەکانی تر بیْت. پیْش هەر شتیْك دەبیْت وەك رۆژنامە نووس خۆیان بناسیْنن، هەروەها دەبیْت ئەو زانیاریانەی کە دەیانەویْت بیخەنە روو هۆکارەکەشی دەست نیشان بکەن. هەروەها دەبیْت شیْوازی گەڕان ولیْکۆلْینەوە و بەدواداچوون پەیڕەو بکریْت. پرەنسیپەکانی بیرکردنەوە بەکار بهیْنریْت وەك چۆن بۆ هەر سەرچاوەیەکەکی تری زانیاری بەکاردەهیْنریْت.

بە چاوپۆشی لەو شیْوەی کە چاوپیْکەوتنەکانیان دەکەن، هەندیْك رۆژنامەنووس هەن چەند پرسیاریْك بەجیْدەهیْلْن بۆ کۆتایی چاوپیْکەوتنەکە. پیْش هەر شتیْك تیْکڕای وتوویْژەکە بە کورتی بۆ بەرامبەرەکەیان دەگیْڕنەوە مەبادا شتیْکیان لە بیر کردبیْت. پاشان پرسیار لە بەرامبەرەکەیان دەکەن ئایا هیچیان ماوە بیخەنە سەر بابەتەکە . هەروەها پرسیاری ئەوەیان لیْ دەکەن چۆن بە ئاسانترین شیْوە پەیوەندیان پیْوە بکریْتەوە.بە تایبەتی پاش دەوامی رەسمی، ئەنجا سوپاسی دەکەن کە کاتی خۆیانی پیْ بەخشیوە. زۆر رۆژنامە نووس هەن لە دوایین کاتی چاوپیْکەوتنەکەدا ئەم پرسیارە لە بەرامبەرەکەیان دەکەن: سەبارەت بەم بابەتە پیْتان باشە لە گەلْ کیْی تردا قسە بکەین؟

## چۆن هەوالْیْك بناسینەوە؟

وەلاْمدانەوەی ئەو پرسیارە "چۆن هەوالْیْك بناسینەوە؟"، لەوانەیە ئاشکرا بیْت؟ چونکە هەوالْ بریتیە لە رووداوە تازەکان یان ئەوەی روودەدات. گەر تەماشای فەرهەنگی زمانەوانیش بکەین هەوالْ بەم شیْوەیە شی کراوەتەوە: " راپۆرتیْکە لە سەر ئەو رووداوانەی کە بەم دوایانە روویانداوە یان بریتیە لە کۆمەلْیْك زانیاری کە پیْشتر ئاشکرا نەبوون." بەلاْم مەرج نییە زۆربەی ئەو رووداوانەی کە روودەدەن وەك هەوالْ ریْگەیان بکەویْتە رۆژنامەکان یان لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە پەخش بکریْن .

کەواتە ئەو مەرجانە چین بۆ ئەوەی رووداویْك یان چیرۆکیْك بکریْتە هەوالْ ولە رۆژنامەکاندا چاپ بکریْت ولە رادیۆ وتەلەفزیۆنەکانیشدا بلاْو بکریْتەوە؟ وەلاْمی راستەقینە بریتە لە : " بلاْو بوونەوەی رووداویْك وەك هەوالْ لە میدیاکاندا پشت بە کۆمەلْە هۆکاریْك دەبەستیْت. بەگشتی هەوالْەکان ئەو زانیاریانەن کە جیْگەی گرنگی پیْدانی زۆرترین پەیام وەرگرن. بۆیە ئەو هەوالْەی کە لە بوینس ئایرس گرنگیخۆی هەیە مەرج نییە لە باکۆ هیچ گرنگیەکی هەبیْت. رۆژنامە نووسانیش دەتوانن لە ریْگەی ئەم "پرەنسیپانەی هەوالْ" کە لە خوارەوە هاتوە رووداوەکان وەك هەوالْیْکی رۆژنامەوانی دابڕیْژن:

**کاتی گونجاو:** ئایا رووداوەکە بەم دوایانە روویداوە یان تازە پیْمان زانیوە؟ ئەگەر وا بیْت دەکریْت

هەواڵەکـە مایـەی ئـەوەبێت بڵاوبکرێتـەوە. وشـەی "بـەم دوایانـە" بـە پێـی ئـەو کەناڵـەی تێـدا بڵاودەکرێتەوە دەگۆڕێت. لە ڕووی کاتەوە بە نسبەت گۆڤارێکی هەفتانەوە ، هەرشتێك لە ماوەی ئەو هەفتەیـەی کـە دوا ژمـارەی لێ دەرچـووە بڵاوکردنـەوەی گونجـاوە.بـەڵام بـۆ ئـەو کەناڵانـەی کـە بەبەردەوامی هەواڵەکان لە ڕێگەی کێبڵەوە بڵاو دەکەنەوە باشتر وایە نوێترین هـەواڵ و ڕووداوی تازە پەخش بکات، یان پێویستە هەواڵێك ڕاستەوخۆ لـە شوێنی ڕووداوەکە لـە ڕێگـەی پەیامنێرەکانیەوە بڵاوکاتەوە .

**کاریگەری:** ئایا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك دەکەونە ژێرکاریگەری هەواڵەکەوە یان چمارەیەکی کـەم؟ پیسبوونی تۆڕی ئاوی شارێك کە بیست هەزارکـەس بـەکاری دەهێنن کاریگەریـەکی ڕاستـەوخۆی لـە سـەر خـەڵکی ئـەو شـارە دەبێـت. هاوکـات مردنـی دە منـداڵ بـە هـۆی خـواردنی ئـاوی پیسـەوە لـە خێوەتگەیەکدا لە ڕووی عاتفیەوە کاردەکاتـە سـەر پـەیام وەرگران. بـەڵام کاتێك کرێکارێکی دائیرەی کارەبا بە هەڵە کارەبای ماڵێك دەبڕێت هەواڵێکی کاریگەر نییە تا ئەوکاتەی بڕینی کارەباکە لە شارێك دەبێت وماوەی بڕینەکەش زۆردەخایەنێت.

**نزیکی ڕووداوەکە:** ئایا ڕووداوەکە لە نزیك شارەکە بووە یان خەڵکانی شارەکەش تیوەگلاون؟ کەوتنە خـوارەوەی فڕۆکەیـەك لـە نیجریـا دەبێتـە مانشێتی ڕۆژنامـەکانی ئینجامینـا، بـەڵام ئەگـەر هـاووڵاتی چیلی تێدا نەبێت، زۆر دوورە ببێتە مانشێتی ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتە.

**دروستکردنی مقۆمقۆ:** ئایا خەڵك بە هۆی هەواڵەکەوە مقۆمقۆیان تێ دەکەوێت؟ سروشـتی مـرۆڤ وایـە حـەزی لـەو هەواڵانەیـە کـە پەیوەندیـدارن بـە شەڕوشـۆڕو ململانـێ وئـاژاوە. هـەروەها خـەڵك حـەزیان لەوەیە پشتگیری لایەنێك بکەن دژی لایەنێکی تروچاوەڕێن بزانن کام لایـان سـەردەکەون. مـەرج نییـە ململانێکان هەردەم لە نیوان بۆچوونێك دژی بۆچونێکی تر یان کەسێك دژی کەسێکی تربێت، بەڵکو زۆرجار ململانێ لە نێوان پزیشك و نەخۆشی وخەڵك وپاسایەکی نارەوا بە ململانێ دەزانرێت.

**ناوبانگی:** ئایاهەواڵە کەسەبارەت بە کەسێکی ناودارە؟ زۆرجار چالاکیە ئاساییەکان گەر لـە لایـەن خەڵکی ناوداری وەك سەرەك وەزیران یان ئەستێرەیەکی سینەماییەوە ئەنجام بدرێن دەبن بـە هـەواڵی یەکـەمی میـدیاکان، بـۆ نمونـە گـەر لـە ڕووداوی کەوتنـەخوارەوەی فڕۆکـە چادیەکە ئەسـتێرەیەکی مۆسیقای ڕۆکی تێدا هەبوایە لە سەرتاپای دونیا دەبووە مانشێتی هەواڵەکان.

**گواستنەوە:** ئایا خـەڵك ئـەو هـەواڵە دەگوازنـەوە؟ لەوانەیـە کۆبوونەوەیـەکی حکومـەت سـەبارەت بـە سەلامەتی ئۆتوپوسەکان نەبێتە جێگەی سەرنجی خەڵك. بەڵام گەر ئەو کۆبوونەوە پاش ڕووداوێکی دڵتەزێن ڕوویدا مایەی گرنگی پێدان دەبێت. زۆرجاریش ڕووداوێك لـە کـاتی یارییـەکی فۆتبۆڵدا بـۆ چەند ڕۆژێك لە لایەن خەڵکەوە قسەوباسی لێوە دەکرێت وبۆ یەکتری دەگێڕنەوە.

**سەمەرە:** ئایا ڕووداوەکە بە شتێکی نا سروشتی دێتە ژماردن؟ وتەیـەکی باو هەیە دەڵێت "گـەر سەگێك پیاوێکی گەست شتێکی ئاساییە و هەواڵ نییە، بەڵام گەر پیاوێك سەگێکی گەست هەواڵێکی

گرنگه". ئەوەی سەیروسەمەرەیەو پێشتر رووی نەداوە سەرنجی خەڵك رادەكێشێت.

ئەوەی بە هەواڵی گرنگ لە قەڵەم دەدرێت، نەك هەرتەنیا پشت بە جۆر وسروشتی پەیام وەرگرەكان دەبەستێ، بەڵكو پشت بە شوێنی نیشتەجێ بوونی پەیام وەرگرەكانیش رۆڵی سەرەكی دەبینێت.

خەڵكی لە شێوە ژیان وبیروبۆچوون وجۆری هەڵسووكەوتیاندا جیاوازن، بۆیە هەموو جۆرە هەواڵەكان بەلایانەوە گرنگن. بۆنمونە بەرنامەیەكی رادیویی تایبەت بە مندالأن یان لاوان دەكرێت هەواڵی ئەستێرەكانی سینەماو گۆرانی وەرزشی تێدا بێت، بەلأم بۆ رۆژنامەیەكی تایبەت بە بیزنز كە پەیامەكەی ئاراستەی بەتەمەنەكانە، ئەو شتە گونجاو نییە.

ئەو گۆڤارە هەفتانەیش كە تایبەتە بە كاروباری پزیشكی بابەتێك لە سەر تاقیكردنەوەی جۆرێك دەرمان دەكات، بە دڵنیاییەوە هەواڵەكە دەبێت جێگەی سەرنجی پزیشكەكان وبە دواداچوونی بۆ دەكەن. بەلأم گەر ئەو دەرمانە چارەسەری نەخۆشیەكیترسناك نەكات، لەوانەیە رۆژنامەو بلأوكراوە لۆكالییەكان ئەو هەواڵە پشت گوێ بخەن. لەوانەیە ئەو هەواڵە زیاتر لە لایەن رۆژنامەكانی ئەو شارەی كە تاقیكردنەوەكەی لە سەركراوە زیاتر گرنگی پێبدرێت.

ئاژانسەكانی دەنگوباس كارەكانی خویان بە خزمەتگوزارییەكی كۆمەلأیەتی گشتی دەزانن، بۆیە هەواڵەكان بریتین لەو زانیاریانەی كە خەڵك پێویستیان پێیەتی تاكو لە ژیانی رۆژانەیاندا كەڵكی لێ وەرگرن ولە سیستەمێكی دیموكراسیدا ببنە هاووڵأتیەكی بەرهەم هێن. بەلأم زۆربەی ئاژانسەكانی دەنگوباس بازرگانین وبۆ مانەوەیان پێویستیان بە قازانج هەیە. بۆیە بابەتی هەواڵەكانیان بریتین لەوهەوالأنەی كە سەرنجی خەڵك رادەكێشن و خەڵك بەدوایاند دەگەرێن، چونكە سەرنج راكێشن.

ئاژانسەكانی دەنگوباس هەواڵەكان دەكەن بە دووبەشی سەركییەوە: هەواڵە سەرەكییەكان یان جادەكان و ئەوهەواڵ وراپۆرتانەی كە لەسەر بابەتی تەرفیهین وپێیان دەوترێت هەواڵی نا سەرەكی.

**جۆری هەواڵەكان:** هەواڵە سەرەكییەكان یان جادەكان ئەو رووداوانەن كە لەو رۆژەدا روودەدەن . ئەو هەوالأنەن كە لە لاپەرەی یەكەمی رۆژنامەكان وسایتەكانی ئینتەرنێت بلأودەكرێنەوە یان لە سەرەتای هەواڵەكانی رادیو وتەلەفزیۆندا بلأو دەكرێنەوە. بۆ نمونە، هەواڵەكانی شەرو سیاسەت، كارو تاوان لە ریزی هەواڵە سەرەكیەكان دێنە ژماردن. بوونی هەواڵێكی وەك مانگرتنی شۆفێری پاسەكانی شارێك كە دەبێتە هۆی ئەوەی هەزاران كەس بە پێ برۆن بۆسەركارەكانیان ، بە هەواڵێكی سەرەكی یان جاد دادەنرێت ودەبێت یەكسەر بلأو بكرێتەوە، جگە لەوەش ئەو هەواڵە مقۆمقۆ دەنێتەوە وكاریگەریەكی باش بە جێدەهێڵێت وكومەڵگاش پێویستی بە زانیاری زیاتر هەیە لەسەری چونكە كاردەكاتە سەر ژیانی رۆژانەیان.

بەلأم بە پێچەوانەوە، چیرۆكی ئەو وەرزشكارەی كە ناوبانگیەكی جیهانی هەیە ولە هەتیوخانەگەورە بووە، لە ریزی هەواڵی نا سەرەكی وسوكدا دادەنرێت، راستە چیرۆكێكی سەرنج راكێشە وباس لە كەسێكی ناودار دەكات ورووداوێكی نا ئاساییە وخەڵك برادەرانی باسی دەكەن،

بەلاّم هیچ هۆكارێك نییە تا ناچارمان كات لەرۆژێكی دیاریكراودا بلاّوی كەینەوە یان پەخشی كەین. دەكرێت بە راپۆرتێكی تایبەتی لە قەلّەم بدەین. زۆربەی رۆژنامەو سایتە ئەلكترۆنیەكان شوێنی تایبەتیان بۆ راپۆرتی تایبەت و مالّ وخێزان وپشوو وهونەر داناوە. بەلّكو هەندێك رۆژنامە هەیە پاشكۆی تایبەت بە خواردن وتەندروستی وفێركردن دەردەكات.

بە تەنیا جۆری بابەتەكە نابێتە هۆی جیاكردنەوەی هەوالّی سەرەكی لە هەوالّی ناسەرەكی، بەلّكودەبێت بزانین دارشتن ونووسینی هەوالّی سەرەكی جیایە لە دارشتن ونووسینی هەوالّی ناسەرەكی. لە نووسینی هەوالّی سەرەكیدا دەبێت بە خێراترین كات زۆرترین زانیاری بخەیتە روو. بەلاّم لە نووسینی هەوالّی نا سەرەكیدا پێویستە لە سەرەتادا چیرۆكی رووداوەكە بە شێوەیەكی درێژ باس بكرێت بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر رابكێشرێت بۆ لای راپۆرتەكە، بۆیە كاتێكی زۆری دەوێت تاكو دەچیتە سەر ناوەرۆكی بابەتەكە.

هەندێك گێرانەوە هەیە هەردوو شێوەكە پێكەوە كۆ دەكاتەوە. رووداوی وا هەیە نەبەستراوەتەوە بە كاتێكی دیاریكراوەوە، بەلاّم باس لە بابەتێكی گرنگ دەكات. ئەو رووداوانە پێیان دەوترێت "راپۆرتی تایبەت". بۆ نمونە گەر گێرانەوەكە باس لە رووبەڕووبونەوەی كۆمەلّگا بكات دژی نەخۆشی ئایدز ئەوكاتە بە راپۆرتی تایبەت ناودەبرێت. بەلاّم گەر باس لە ئەگەری دۆزینەوەی دەرمانێكی تایبەت بە نەخۆشی ئایدز بكات ئەودەم پێی دەوترێت هەوالّێكی سەرەكی جاد. راپۆرتە تایبەتەكان بە شێوازێكی چالاك وكاریگەر دێنە ژماردن بۆ دۆزینەوەو ئاراستە وگرفتە كۆمەلاّیەتیە ئالّۆزەكان، ئەویش لە رێگەی خستنە روو وگێڕانەوەی ئەزموون و ژیانی تاكەكانی كۆمەلّگا.

## رۆژنامە نووسی سەركەوتوو ئەوەیە هەوالّەكان بۆ خوێنەران ورگێرێت و شیكاتەوە

زۆر لە دەزگاكانی راگەیاندن پەیامنێری تایبەت دادەنێن بۆ ئەوەی هەوالّەكانی هەندێك بواری تایبەت بنووسنەوە، جا ئەو هەوالاّنە سەبارەت بە جوگرافیا بن یان ئەوەی بە ئینگلیزی پێی دەوترێت"بیت" ، یان سەرچاوەی تری دیاری كراو. ئەو زاراوەش جاراران بۆ وەسف كردنی ئەو رێگەیە بەكاردەهێنرا كە پاسەوان وپۆلیسەكان بەكاریان دەهێنا. رۆژنامە نووسان گرنگیەكی تایبەت دەدەن بەوانەی كە دەبنە سەرچاوە بۆ هەوالّەكانیان وپێویستە فێری ئەو وشەو زاراوانەش بن كە ئەو سەرچاوانە بەكاریان دەهێنن، بەلاّم ئەوە بەو مانایە نییە كە ئەوانیش هەمان وشەو زاراوە لە نووسینەكانیاندا بەكاربهێننەوە. بە پێچەوانەوە، دەبێت ئەو پەیامنێرانە ببنە وەرگێرو شیكەرەوەی ئەو زاراوانە وكارێك بكەن ئەگەر ئەوان نەبن ئەو زانیاریانە نەگاتە رای گشتی.

لە رۆژنامە بچووكەكاندا پێویستە رۆژنامەنووس یاخود پەیامنێر هەموو جۆرە هەوالّێك كۆ كاتەوە وتایبەتمەند نییە بە یەك جۆر هەوالّ. بەلاّم لە دەزگا رۆژنامە نووسیە گەورەكاندا كە كەنالّی بینراو بیستراویشیان هەیە، پەیامنێرەكان هەڵی ئەوەیان بۆ رەخساوە تەركیز بكەنە سەر جۆرێك لە هەوالّ

وچەند سەرچاوەیەکی دیاریکراوی وەك حکومەت وپۆلیس ودادگاکان وبیزنز بۆخۆیان دەست نیشان بکەن. پێگەی کۆمەڵایەتی رۆڵێکی سەرەکی لەوبارەوە دەبینێت..لە هەندێك شوێندا رۆژنامەنووسی تایبەت هەیە بە توێژە بەتەمەنەکان وژینگەو پەروەردە.

رۆژنامەنووسە تایبەتمەندەکان بەرپرسیارییەکی سەرەکیان لە ئەستۆدایە، ئەویش ئەوەیە ئاگاداری ئەو هەواڵانە بن کە دەچنە ریزی پسپۆرایەتیەکەیانەوە. بۆنمونە دەبێت ئاگایان لەو فەرمانگانە بێت کە لە ریزی پسپۆرایەتیەکەی ئەواندایە وهەموو کۆڕوکۆبوونەوەکانیان وپۆستەرەکانی سەر ئینتەرنێت ورووداوە رۆتینیەکانی تری ئەو فەرمانگانە بخەنە ژێر چاودێرییەوە. بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەو هەواڵانەش بن کە شاراوەن وئاشکرا نەکراوون. پەیامنێرانی پسپۆر لە بوارێکی دیاریکراودا، دەبێت پەیوەندییەکانیان لە گەڵ سەرچاوەکانی هەواڵدا بە جۆرێك رێکخەن نەك هەر زانیاریە ئاشکراو هەنوکەییەکانیان پێبدەن، بەڵکو پێویستە ئەوانەی پشت پەردەشیان بۆ بخەنە بەردەست. ئەو جۆرە پەیامنێرانە کۆمەڵێك وتاری بەربڵاو بەرهەم دەهێنن، هەر لەو هەواڵە تازەوگەرمانەی کە بۆ یەکەم جار بڵاودەکرێنەوە، تا دەگاتە نووسین ووتاری بە پێز. "چیپ سکانلان" رۆژنامەنووسێکی پسپۆربوە لە دەزگای رۆژنامەوانی "نایت ریدر" وئێستا لە "پەیمانگای پوینتر"ە دەڵێت: "سەرکەوتووترین رۆژنامە نووسە پسپۆرەکان کە من ناسیومن، ئەوانە بوون کە سیستەمی رێکخسنیان باش بووە وپلانیان بۆ کارەکانیان دارشتوە وهەستێکی جوانیان بۆ ئەرکەکانیان هەبوە وزنجیرەیەکی دوورودرێژ سەرچاوەیان دابین کردوە".

لیهاتوویەکانی رۆژنامەنووسی پسپۆر:

بە دەر لەو بوارەی کە رۆژنامەنووسی پسپۆر بۆ خۆی دیاری دەکات یان پێی دەسپێرێت، پێویستە رۆژنامەنووسی پسپۆر بە باشی لەو دەزگایەی کە کارەکەی لە سەر دەکا بە باشی تێگەیشتبێت وبزانێت کێ بەرێوەی دەبات وکۆنترۆڵەکەی لە دەستی کێدایە. تێگەیشتن لە شێوازی کارکردن وئەوانەی بە رێوەی دەبەن هەم کاتی زۆر دەوێت وهەمیش هیلاکی زۆری دەوێت، بەڵام لە کاتی نووسینەوەی وتارەکەدا دەرئەنجامێکی وای دەبێت هیچ رۆژنامەنوسێکی نا پسپۆر ناتوانێت خۆی بدات لە قەرەی. رۆژنامەنووس "ئێریك نادر" بۆ دەسپێکردن بە کارێکی تایبەتمەندی رۆژنامەوانی ئەم پرسارانە بەکاردەهێنێت:

- یاریچییەکان کێن؟
- کێ بەرپرسارێتی لە ئەستۆدایە؟
- سیستەمەکان چۆنن؟
- ئەو شتانەی کە جێبەجێکراون چین؟
- هەڵە تۆمارکراوەکان کامانەن؟
- خەرجییەکان لە کوێ تۆماردەکرێن؟

- کێ ڕاستی مەسەلەکان دەزانێت وچۆن دەستم پێی دەگات؟

بۆ وەلاّمدانەوەی ئەو پرسیارانە پێویستە پەیامنێران خۆیان ماندووکەن لە گەڕان و"وردبوونەوە" لەو بوارەی کە دەیەوێانەوێت هەواڵی لەسەر ئامادەبکەن. پێویستە هەموو شتێکت دەست دەکەوێت لە سەر بابەتەکە بیخوێنیتەوە، هەوڵبدە ئەجەندای کارو کۆبوونەوەکانت دەستکەوێت. لە گۆڤارە تایبەتمەندەکاندا ئیشتراك بکە. بەلاّم لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە هەستیت وبڕۆیتە ئەو جیگەیەی کە ڕووداوەکەی لێیە. ڕۆژنامەنووسەکانی ئەرکی تایبەت، تەنیا پشت بە تەلیفۆن نابەستن، دەبێت بۆ خۆیان چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ لە گەڵ کسایەتیەکاندا بکەن ووتوێژیان لە گەڵدا ئەنجام بدەن. "مایك مازر" کە ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکیەو دوونەوەی بینیوە وپەیامنێری لێکۆڵیاری کەناڵی "WTKR"نۆرفۆلیکی ولایەتی فیرجینیایە دەڵێت: "هیچ ڕۆژنامە نووسێکی ناودار نەیتوانیوە لە ژۆری هەواڵەکاندا هەواڵێکی گرنگی دەست کەوێت". هەروەها دەڵێت " لە گەڵ هەموو کەسێکدا ئاشنایی پەیدا بکە، هەر لە بەرپرسانەوە تا دەگاتە کاسبکاران، لەوانەیە ببنە یاریدەدەرت. کارتی خۆناساندنەکەت بدە بە هەموو ئەوانەی لە کاتی کارکردندا ئاشنایان دەبیت. لیستێك بۆ هەموو ئەو سەرچاوانەی کە لە ڕێگەی پەیوەندییەکانتەوە پەیدایان دەکەیت دروست بکە و لێیان دامەبڕێ وپەیوەندیان پێوە بکە". لە کاتی ئەرکە تایبەتیەکاندا جگە لە وەرگرتنی زانیاری لە سەرچاوە سەرەکییەکان، ڕۆژنامەنووسی سەرکەوتوو چاوی لە کاریگەری سەرچاوە تایبەتیەکانیەتی لە سەر کۆمەڵگا.

ئەو ئەرکە تایبەتیەی کە بە ڕۆژنامەنووسێك دەسپێرێت پێویستی بە ڕێکخستن وپلاندانانی بە هێز هەیە. مەبەستیش لە ڕێکخستن دروستکردنی پرۆگرامێکە بۆ هەموو کۆبوونەوەو گوێگرتن و کات وشوێنەکان وبڕیاردان لە سەر جێبەجێکردنیان لە ڕووی پراکتیکیەوە. ئەوانەش لە ڕێگەی ئامێرێکەوە دەکرێت کە تێدا زانیارییەکان وژمارە تەلەفوون وئیمەیلەکانی تێدا تۆماردەکرێت بۆ کاتی پێویست. جگە لەوەش دەکرێت هەندێك بیرۆکەی تێدا هەڵگیرێت تاکو لە ئایندەدا بکرێتە ووتار. زۆربەی ڕۆژنامە نووسەکان بۆ ئەو مەبەستانەی کە باسمان لێوەکردن کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن، وپرۆگرامێکیش داونلۆت دەکەن کە ئەو کارانەیان بە ئاسانی بۆ جێبەجێکات. بەلاّم کاتێك لە نوسینگەکان دەردەچن پێویستیان بە بابەتی نووسراو یان کۆمپیوتەری بچوك هەیە، یان ئەو ئامێرە بچووکەی کە زۆر بەکەڵکەو بەدەست هەڵدەگیرێت ودەکرێت لە دوورەوە ببەسترێتە تۆڕی ئینتەرنێتەوە. بەلاّم لە بەر ئەوەی تەکنەلۆژیا پشتی پێ نابەسترێت ، بۆیە باشتر وایە ماوەماوە نوسخەیەکی چاپکراوی بابەتەکانت هەڵگریت.

بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بەو بابەتە تایبەتیانەی کە دەبێت وەك ڕۆژنامەنووسێك لە سەری ڕاپۆرت ئامادەکەیت ، پێویستە کەسایەتیەکان بەباشی بناسیت و دڵنیا بن لێت، لە هەمانکاتدا پێویستە ئاگادار بیت کە ئەرکی تۆ ڕۆژنامەوانییە نەك دروستکردنی هاوڕێیەتی. "سکانلان" دەڵێت:

"دژوارترین بەشی کاری ڕۆژنامەنووسی ئەوەیە لە گەڵ ئەو سەرچاوانە هەڵسوکەوت دەکەیت وناچاریت هەموو ڕۆژیك بگەڕێیتەوە بۆ لایان، تەنانەت ئەگەر بابەتێکت نووسیبێت بە دڵی ئەوان نەبێت".

سەرچاوە
Usinfo.state.gov